# سروشتی گەنج وایە, یاخی بێ

جەمال پیرە

jamalpira@yahoo.com

ئەوەی لێرەدا بەلای منەوە زەروور نییە پێناسەکردنێکی بایۆلۆژیانەی ئەو کائینەیە کە پێی دەگوترێت گەنج, لەبەر ئەوەی گومان لە خوێنگەرمیو حەماسی هەمیشەییانەی قۆناغی گەنجێتی نییەو لای هیچ کامێکیشمان جیاوازییە فسیۆلیۆژییەکانی گەنج لەگەڵ باقی قۆناغەکانی تری ژیانی مرۆڤدا شاراوە نییە, هەڵبەتە پێکهاتەو سروشتی ئەم چینەو هەڵچوونە دەروونیەکانی بە حەزو ئارەزووی هیچ کامان نییە, ئەوە گەنجەو ئیدی خاوەن روئیاو دونیا بینی تایبەت بەخۆیەتیو ناکرێو مەنتیق نییە هیچ هێزێکی تری رۆحیو دەرەکی, هێزی کۆمەڵایەتی, لە دەرەوەی خواستو ویستەکانی گەنج کاریگەرییان بەسەر گەنجەوە هەبێ, ئەویش کە ناهێڵێ گەنج ناچار بکات لە رابردوودا, قەت هێزێکی ماددیو مرۆیی نەبووە ئەگەر خەیاڵو بیرکردنەوەو سۆزو هەستی خودی گەنج نەبێ, لە راستیدا دەبێ دان بەوەدا بنرێ کە پێشتر راونیو بۆچوونەکان بۆ گەنجان پڕ بوون لە هەڵەی مەعریفییانەو خوێندنەوەی سەقەت, کە تیایدا نەك تەنها مافی راستەقینەی گەنجان لەبەرچاو نەگیرابوو بەڵکو هەوڵدرابوو, کاری زۆریشی بۆ کرابوو بەردەوام گەنج کائینێکی خەساو بێ, بێدەنگ بێ تا ئەو ئاستەی کاراکتەرە ئەکتیڤەکانی دەسەڵات دەیانەوێ یاخی نەبێ نەبادا عەقڵی پیر پێگەو مەکانەتی خۆی لەدەستدا, قەبولێبێ گەنج ماڵی هەبێ, بەڵام کلیلی دەرگاکان لەدەست پیرێك بێ, گەر ئەمەش سەری نەگرت پیرێك بدۆزرێتەوە لە رووکەشدا گەنج بێ بەڵام لەجەوهەردا هەمان کۆپی کەسە پیرەکە بێت, ئاساییە ئەگەر پێمان وابێ لە بنچینەدا کەسێتی گەنج کەسێتییەکی داهێنەرو رەخنەگرانەیە, بەڵام کە دەبینین زۆر جار وا ناکەوێتەوە ئەو دەبێ بزانین دەستپێكو هەوڵێکە هەیە, خواستو ئیرادەیەك هەیە, لەترسی تەوژمی کاریگەری گەنج, نایەوێو ئامادە نییە دەستی بگرێ, خۆ ئەگەر دەستیشی نەگیرێ, ئەم چینە لەنێو هیچ کۆمەڵێکدا هێندە بێئاگا نییە تا سەرجەم دەرەنجامەکانی قەبووڵ بێ, لە حاڵەتێکیشدا شایەستەترین رێچکە بەرەنگار بوونەوەی گەنجان یاخیبوونە, یاخود گەڕانەوە بۆ ئەسڵو سروشتی سەرەتایی گەنج کە خۆی لەنێو دونیای یاخیبوونەوە دەبینێتەوە, ئەوەی کە گرنگە ئاماژەی پێبدرێ زۆری دوژمنەکانی گەنجە, کۆمەڵگاو پێکهاتە ئایدیۆلۆژییەکەی, دەسەڵاتو دامەزراوە دیسپلینکراوەکەی زانکۆو مامۆستا دیکتاتۆرەکانی, دایكو باوکە دیکتاتۆر ئاساکان, نووسەرو رۆشنبیرە بەناو گەورەکان, ئەوانەی کە چاوی خێریان بە وزەی نوێی گەنجان هەڵنایە, بەد بەختییەکە لەوەدایە کە گروپی جیاجیای گەنجانیش جاری وایە دژ بە گەنجانو لە بەرژەوەندی پیردا بیر دەکەنەوە, ئەگەر زەروور بێ گەنجانی وشیار بناسین دەبێ بڵێین ئەوانەن کە لە دەرگای مەعریفە دەدەنو نایانەوێ پرس بەکەس بکەن بەتایبەت ئەوانەی کە بەردەوام گەنجانی وشیارو شارەزا بەخاوەن گوتاری ئینشانووسیو هیچ نەوتن تاوانبار دەکەن, مەبەستیش لەمە جگە لە بێدەنگ کردنی گەنج کە هەمان ئیرادەی دوژمنە دێرینەکانی تری گەنجانە, شتێکی تر نییە, چی دەبێ ئەگەر کەسێکی گەنج ئامادە نەبێت کە هەرگیز ئامادەش نییە لاساییەکەرەوە بێو بۆ خۆی بە عەقڵی خۆی بەدونیابینیو روئیای خۆی بیر دەکاتەوەو گوێ لەهیچ هەوڵو ئامۆژگارییەك نەگرێ کە بەدڵی نییەو بەسەریدا دەسەپێنرێ؟!

چی دەبێ ئەگەر لێرەوە لەجیاتی ئەوەی کەسێتی گەنج چاوەڕێی کۆنزەر ڤاتیڤێك بکات ئیحای بداتێ, لە هەوڵی دۆزینەوەی مارکیۆزەیەك بێت لە رەگەوە ترادیسۆنەکان هەڵوەشێنێتەوە؟!

راستییەکەی لەکاتی ئێستادا پەیبردن بە ناسۆرو نهێنییە پڕ لە زامەکانی کەسێتی گەنج لەهەر لایەکەوە بێت هەنگاوێکی پۆزەتیڤانەیە, ئەگەر چی ناکاملی پێکهاتەی دەروونی دەسەڵاتی زاڵی کۆمەڵ بەدەرخات لە ئاست ئەوەی کە بەردەوام هێزی بڕیاری لەنێو کۆمەڵدا هێزێکی خەیاڵکوژە, هێزێکە رێگەکانی خەونو هیوای مرۆڤ کورتدەکاتەوەو لە دەرەوەی مانا راستەقینەکانی ژیاندا پێناسەیان دەکات, هێزێکە بۆ دواجار لە شەرێکی دەستەو یەخەدایە لەگەڵ مرۆڤ بە تەواوی ماناکەیەوە, دەستی سوورە بە خوێنی مرۆڤو هەمیشە لە شکرێکی داگیرکەر ئاسایانەیە بە دوای کوشتن یان دیلکردنی کۆمەڵێ مرۆڤایەتیدایە, بەدوای قەتلو عاکی جەستەییو مەعنەویانەی مرۆڤدایە, کە مەگەر ئینسکلۆپیایەکی تایبەت بە ئێشو ئازارەکانی گەنج بتوانێ ئەبجەدییانە کەمو کوڕییو تاوانەکانی کۆمەڵگای دەسەڵاتدار ئاماژە بکات, ئێمە لێرە لە ناخەوە سکاڵای مرۆڤبوونی خۆمان بەرز دەکەینەوە, بەڵام بۆ کوێو کێو چ دادگایەك؟ ئەگەر بۆ وێژدانێك نەبێت کە وەك فریادرەسێك خۆشبەختانە بەدەرکەوێ, هەموومان لە ئاست جینۆسایدی کۆمەڵدا بێدەنگو تاوانبارین, هەموومان هەر هەموومان ئەوەنین تا سەر بەرزو بێمتمانە بێین لەبەردەم عەرشی وێژداندا دوور لە بەرائەت بدوێین, کەوا ناشتوانین بەم پێکهاتە ناکاملە جارێ داهێنانو ئەفراندن بدەین, ئەمە ئەگەر بە دیوێکداو رینەیەکی خەیاڵئامێزانە بێت, لە دیوەکەی تردا واقیعی وێرانیی مەملەکەتی مرۆڤە, رەنگە هەڵە نەبم ئەگەر بڵێم واقیعی کۆمەڵگای کوردیی کە چارەنووسو هەڵکەوتە قەدەر ئاسایانەکەی ئێمەیە بۆ دواجار خاڵییە لە گوڕوتینو سیمای عەشقی مرۆڤبوون, کەسمان هەواڵێك نابینین بە عەشقەوە هەڵگری خەونو خەیاڵێکی بێکۆتایی بە هەوێنی ئایندەیەکی گەشبینانە, تەکانێکی بێخەوش نابینین, سەرچاوەکەی لە دوورگەی مرۆڤبوونەوە بێتو, دەست بە ئینسانیبوونی خەیاڵی گەنجەوە بگرێو چیدی وەك دڕندە, لادەر, تاوانبارو بێ هۆش لە گەنج نەڕوانێ, لەگەڵ ئەوەشدا زوو لەبیرمان دەچێ کە گەنج مرۆڤێکە سروشتی خۆی وایە, یاخی بێ, یاخی لە سەپاندنو چەپاندن, یاخی لە دەسەڵاتی سەرکوتکەر لە ترادیسیۆنی بۆماوەیی, لەهەرچی بوونەوەرێکی خەیاڵکوژی هەیە, سروشتی مرۆڤی گەنج وایە, بێتاقەتە لە گوێگرتن بەتەنها, ئەگەر بەشی گوێگرتنەکەی قسەی نەبێ, بەردەوام بە گومان بێ لەهەر بەڵێنو پەیمانو گرێبەستێکی تەقلیدییانە, فۆکۆ ئاسایانە لە دەسەڵات دەڕوانێ, هەر چەندێك دەسەڵاتەکە بێخەوش بێت, تا ئەو ئاستە ملکەچە کە ئازادی خۆی تیادا ببینێتەوە, سروشتی گەنج وایە بەهەموو هەوڵێکی مۆنۆپۆلکەری زۆرداریی دەڵێ (نا) نەك بەسەریدا تێپەڕێو بێدەنگ بێ, کەوایە کێیە بە تەمای ئەوەیە لەمەودوا گەنج بکاتە پێشەنگو قەڵغان؟ بیریش لە گۆڕانی رادیکالیانەی مامەڵە نا ئینسانیەکانی لەبەرامبەر ئەم کەسێتییەدا نەکاتەوە بەهەردوو رەگەزەکەیەوە, من دەڵێم رەنگە چەند جارێکی تریش ئەم حاڵەتە نالەبارانەی پێشتر بەسەر گەنجدا هاتوون دووباری ببنەوە بەڵام هەرگیز ئەو هەڵوێستەی کەسێتی گەنجی کورد لە رابردوودا هەیبوو کە بێدەنگی بوو, دووبارە نابێتەوە, ئەگەریش لەکاتی ئێستادا وەڵامو هەڵوێستێکی کردارەکییانەی گەنج ئامێز لە ئارادا نییە, دڵنیایانە دەڵێم سەرجەم خەمو ناسۆرەکانی گەنج لەنێو خودی خۆیدا بە پەنهانی ماوەتەوەو چاوەڕوانەو بیر لە دەرفەتێك دەکاتەوە زەمین لەرزانە بیتەقێنێتەوە, لەگەڵ هەموو ئەو نەخشەیەی سەرەوەدا گەنجو کەسێتییەکەی هەرگیز ئەو بوونەوەرە نین هەوڵە جیددیو موژدە بەخشەکانی کەسانێك لەیاد بکات کە لە ناوەوەو دەرەوە

دەسەڵاتدا ئامادەییان هەیەو لە نزیکەوە خەمکی خەمانی گەنجانن, هەر چەند من بە دڵنیاییەوە دەڵێم ئەوان کەسانێکن ژمارەیان لە پەنچەکانی دەست تێپەڕ ناکات, لەکاتو ساتی خۆیشیدا مێژوو دەیانخوێنێتەوەو راشکاوانە ناویان دەهێنێ